# دەوڵەتی کوردستان بە دەر لە میراتگریی دۆخە شپرزەکەی ئێستای



**عیماد عەلی**

بۆ ئەوەی یەك سەدەی مێژووی ئەم وڵاتانە لەمەڕ ناوچەکەمان دووبارە نەکەینەوە و بەهەمان قۆناغە قورس و دواکەوتووەکەی ئەواندا تێنەپەڕین، دەبێت بە پێی عەقڵی ئایندەخوازی و خوێندنەوەی سەردەمەکە مامەڵە لەگەڵ باردۆخی دوای ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی دا بکەین و، ڕێوشوێنی هەمەجۆری ئەوتۆی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و زانستی وابگرینە بەر، کە بواری نارۆشنی دوارۆژمان نەهێڵین و لە هەڵەی ئەم ناوچەیە پەند وەرگرین و. دەبێت هەنگاوی ڕاست و دروستی گونجاو بنێین و، خۆمان لە زۆر نەریت و لاساییکردنەوە و کاریی کلاسیکی کارەساتهێن و، لاسایی کردنەوە لەخۆمان دوور خەینەوە.

ئیبن خەلدون لە پێشەکیەکەی زۆر جوان و زانستیانە باسی چۆنێتی دروستبونی کیان و گەیشتن بە بنیاتنانی زەمینەی شارستانی دەکات و تەنانەت چۆنێتی کۆکردنەوەی گەل لە چوارچێویەکی دیاریکراو، کە ناوی دەنێین: دەوڵەت و نیشتمان و بازنەی خۆپاراستن و شێوازەکانی و سەرەتای هەنگاونانی دروست و گواستنەوە بۆ قۆناغێکی نوێ شیدەکاتەوە،

ئەگەرچی بە زەرورەت باس لە چۆنێتی دروستبونی دەوڵەت و ئەوانەی دەتوانن هەنگاوەکان بنێن بە شێویەکی بۆی دەچێت و بە ئاسایی لەقەڵەم دەدات، کە زۆرجار دەبێت دامەزرێنەران هەڵقوڵاوی بارودۆخی ئەو زەمینەیە بن و، تەنانەت لەوەش دەدوێت کە لەوانەیە دەوڵەت بە کەسانی ناعەقڵانی و بەدەر لە ڕەوشتی پەسەندی کۆمەڵگا، بەڵام خاوەن فاکتەری بنیتنان و مانەوەی وڵات لەسەر پێی خۆی دروست بکرێت.

ئیبن روشد لەڕووی فەلسفیەوە باسی لە عەقڵانی بیرکردنەوە و زاڵبونی ئاوەز و بیری دروستی دوور لە پابەندبون بە دەقی ڕەها و بە پشت بەستن بە پرەنسیپی باوەڕ بە ڕێژەیی کاروباری ژیان و ئەگەری هەڵە و ڕاست و زۆرێك لە چەمکەکانی دونیابینی و باسکردن لە چەند بۆچونێکی وادەردەکەوێت، کە لە بە ناڕاستەوخۆش بێت قسەکردنی لەسەر بیرکردنەوە و کاریی دوور لە میتافیزیك، ڕۆشناییەکی خستۆتە نێو دونیا تاریك و نوکتەکەی ئەو کاتەوە، کە تا ئێستا بۆ ژیانی ئێمە سودێکی یەکجار زۆریی هەیە و بۆ دروستبونی کیان و ئاستی بەڕێوەبردنی ژیان ئاماژەی بە شیکردنەوەی عەقڵانی دەقەکان کردووە و لەو بارەوە یاساکانیشی بە واقیعەوە بەستۆتەوە، نەك بە پابەندی ڕەهای دەقەکان" بۆیە دەکرێت لە بۆچونەکانی وا تێبگەین کە لە ترسی دەسەڵاتی تیۆکراتی ئەو کاتە نەبوایە، ئەوەمان لێ بخوێندایەتەوە کە ڕاستوخۆ داوای دەوڵەتی مەدەنی دەکات و، هەر بۆیە پیاوانی ئایینی لێی ڕازی نەبوون و کەوتە ژێر ئەشکەنجەی دەروونیەوە و ئینجا بەو دەردەش برا لە نەفیکردن بۆ دێی یەسانە و سوتاندنی کتێبەکانی لە لایەن خەلیفە مەنسوری موەحدیەوە، سەرەرای ئەوەی ناو و ناوبانگی وەك دادوەریی دادپەروەر دەرکردبوو.

سقرات کە دەڵێت: کەرامەتی نەفسی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە زانستی بیرکردنەوە لە ژیانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، لە بابەتی ژیانی کۆمەڵایەتی بە ساکاریی باسی لە ئەوەی کردووە کە دەتوانین بە عورفی ئێستا ناوی بنێین پێکەوە ژیانی گەل بە پشتبەستن بە بیرکردنەوە و عەقڵی تاك بۆ قازانجی کۆ. واتە خوێندنەوەی بۆچونی تاکی کۆمەڵگا و چۆنێتی بە ڕێکردنی گوزەران و ژیانی گەل لەسەر گفتوگۆی ڕاستەخۆ، هەروەها حوکمداریشی بە دیاریکردنی باشترینەوە بەستۆتەوە، کە بە گشتی لە قازانجی خەڵکدا بێت.

ئەفلاتون باسی لە خێرو بەختەوەری دەکات، کە ئەوەندە پەیوەستە بە شارو کۆمارەوە ئەوەندە تایبەتمەند نیە بە تاکەوە، بەوەش خۆشیەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ چینی حوکمران و پێکهاتە سیاسیەکە بە دیدی ئەمرۆ. بۆیە ئەگەر بە تایبەتیش بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ گرنگی بە بەها ئایدیاڵەکانی داوە، بەڵام ئەوەی نەخستۆتە لاوە کە پێکهاتەی سیاسی و شارو دەوڵەت خۆشی ڕاستەقینە دەبەخشن بە میلەت، بەڵام بە کۆمەڵێك مەرجەوە.

ئەرستۆ زۆر گرنگی بەوەی داوە کە چۆن جیهان شتێکی عەقڵانی بێتو بەدوور لە بنەما ئایدیاڵە تایبەتەکانی ئیفلاتون و زیاتر خۆی بە بنیاتی جیهانەوە خەریك کردووە، کە مرۆڤ چۆن پێشدەکەوێت و بناغەی فەلسفەی کەون لە کوێوە هاتووە و دەگات بە کوێ و، ئەگەر خۆیشی لە پسپۆریەکانی ئەفلاتون لاداوە و ڕەخنەشی لێگرتوون بەڵام ئەمیش بۆ خوشگوزەرانی مرۆڤ قسەی خۆی هەبووە و، لە سەر ڕووبەری ژیانی مرۆڤ ئیستێکی کردووە و بە ڕاستەوخۆ و ناراستەخۆش بێت لە باری سیاسی میلەتیش دواوە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ درستبونی ئەم دەوڵەتانەی لای خۆمان لەم سەدانەی دواییدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە زۆر ڕووەوە هاوشێوە و پێکهاتە و ناوەرۆکن لەگەڵ بۆچونەکانی ئەم فەیلەسوفانەدا، واتە مێژوو یان جوگرافیا و باریی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی دروستبون و گەشەکردنیان ئەگەر کتومت وەك یەك نەبن، ئەوە هاوتەریب و زۆر لەیەکنزیکن و بنەما سەرەکیەکانی دروستبونی دەوڵەتیان لەسەر دەچەسپێت. زۆرینەی ئەم میلەتانەی ناوچەکە و جیهان، بە قۆناغە جیوازەکانی ئیمپراتۆریەتەکاندا تێپەڕیون، تاوەکو زەمانی ئیستعیماری بەریتانی و فەرەنسی و ئیتالی و، دوای پاشەکشەی ئەوانیش ئەم وڵاتانە بە سەرجەم ئەو بوغز و کینە و نارەزایەتی و ڕقی ناخ و عەقڵەوە بوون بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان و هیچیان بە قۆناغی ئاسایی پەرەسەندنی هەمەجۆری بنیاتنانی دەوڵەت و زەمینە پێویستەکان و شۆڕشەکاندا تینەپەڕیون و، لە ڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە، لە فکر و عەقڵی دەشتەکیەوە بوون بە خاوەنی پێکهاتەی شار و دەوڵەت و بە هەمان بیروبۆچون و دابونەریت و عەقڵەوە حوکمیان گرتۆتە دەست، بۆیە تەنانەت دوای چەندین ساڵ لە دەوڵەتمەداریان هەر بە و عەقلیەتە ماونەتەوە و تەنانەت لە ڕووی بیر و فکر و فەلسەفەوە قازانجیان لە

پێشکەوتنەکانی جیهان نەبینیوە، واتە پاش ئەو پێشکەوتنە تەکنولۆجیایەی جیهانی پێشکەوتوو، بەرهەمەکانیان هاوردە کردووە بێ ئەوەی تەنانەت چۆنێتی چاکسازی و بەکارهێنانی فێربن. تا ئەم کاتە بەهەمان ئاغا و جوتیار و سەپان و کۆیلە و بۆچونە تەسکەکانی دونیای داوکەوتووەوە دەجوڵێنەوەو، تا ئەمرۆش کۆیلایەتی لە ناخیاندا بە ویستی خۆیان ماوەتەوە و لەو بیرە نامرۆڤایەتیەوە ڕزگاریان نەبووە و یەك هەنگاوی سەرەتاییان بۆ ژیانی مەدەنی بە پێی پێوەری دونیای پێشکەوتنخوازی ئەمرۆ نەناوە.

دوای سەربەخۆیی ئەم وڵاتانە چ بە فاکتەری نێوخۆیی یان بە هۆکاری فرتوفێڵی دونیای سەرمایەداریی چاوچنۆك و ملهور، وەزعێکیان هێناوەتە ئاراوە کە تەنانەت دوای کشانەوەی وڵاتانی ئیستعمار، ئەم وڵاتانە لە ڕووی سایکۆلۆجی و بەکارهێنانی ئاوەز و بیر و فەلسەفەوە بە داگیرکراوی ماونەتەوە. خاوەنی هیچ خەسڵەتێکی ئەوتۆ نین کە ئاسۆی پێشکەوتنیان لێوەدیار بێت. میراتگریی شەڕ و کوشتار و دیدی غەزو و سەبی و داگیرکاری و خۆ هەڵکوتانە سەر ئەویتر و دزی و جەردەیی و سەرجەم سیفەتەکانی ژیانیان دورگەی عەرەب و جیهانی ئیسلامی و بە عەقڵی کۆن و بیری دواکەوتووی سەدان ساڵەی پێش و بە بە عەقلیەتی خیاڵی و خورافاتیانەی بە ئالیەتی هاوردەکراوی شێواو، حوکم دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا کە دونیا بە چرکە پێشدەکەوێت ئەمان هیچ بوارێکیان لەبەردەم خۆیاندا نەهێشتۆتەوە بۆ پشت بە خۆ بەستن. کار بە میراتی نابەجێی سەدان ساڵەی خۆیان بە ئامرازی پێشکەوتوی ئەمڕۆوە دەکەن. دوور لە مەعریفەی زانستی و توانای تەکنۆکرات یاری بە سەروەت و سامانی ژێر زەوی دەکەن کە وەك خۆیان دەڵێن قەدەر پێیبەخشیون و تەنها پشت بە ژێر زەوی دەبەستن و بەس. لەلایەکی ترەوە بۆ بەدبەختی بە هەموو توانایەکەوە بەرەنگاریی لە پێشکەوتنخوازی دەکەن و بە عەقڵی هێز و جەنگەڵستان لە چوارچێوەی وڵاتدا دەجوڵێنەوە.

بە کورتیەکەی، ئەوەی ڕێگر بێت لە پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی و دونیای مۆدێرنە لەعەقڵیەت و ڕەفتار و ئەخلاقی زۆرینەی ڕەهای دونیای گەلانی ئەم وڵاتانەدا، دەستدەکەوێت. ئەمە بۆ سەت ساڵ زیاترە لەسەر ئەم ڕێتمە دەژین و دەڕۆین، تا ئێستا دووا

ڕۆژیان دیار نیه و هەر ئاوا چاوەڕێی دەستی ڕۆژئاوان و لەولاشەوە بە بەراز لەقەڵەمیان دەدەن و بۆیان بکرێت بە هەموو توانایانەوە دژیان دەوەستن و قریان دەکەن.

بۆیە، کە دروستبونی دەوڵەت و قۆناغی ئیستعمار و ڕزگاریی، بێ دروستبونی زەمینەی لەباری عەقلانیی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پاش کشانەوەی ئەو وڵاتانە و بە کتوپری کەوتنە سەر پرسی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دەستبەسەردا گرتنی سەروەت و سامان و داهاتی وڵات لە لایەن کەس و عەشیرەت و بنەماڵەی بێ دامودەزگای تیابەت بە ژیانی سەردەمانە و پەیرەوکردنی، بێ پشت بەستن بە پرەنسیپی گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و حوکمی رەشید. بێگومان سەرلێشێواوی و پشێوی دەسەڵات و ناعەدالەتی و تاکڕەوی و کەبت و دکتاتۆریەت و نەبونی بنەماکانی ئازادی و دیموکراسیەت دروست دەبێت.

ئێمەی کوردستانی لەکوردستان، لەبەردەم تاقیکردنەویەکی یەکجار هەستیاری گرنگ و وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوریداین، ئەگەر بە جوانی و عەقلانی و فکری پێشکەوتنخوازانە و لەبەرچاوگرتنی پێداویستیەکانی سەردەم پەیرەو نەکەین مەحاڵە بێ دووبارەکردنەوەی هەڵە و کێماسی و ڕێگە نالەبارە دوورو درێژەکانی وڵاتە شکستخواردووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست نەرۆین، بەڵام ئەگەر فەراهەم نەبونی ئەو فاکتەرانەی درسوتبونی وڵاتێکی دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیمان دەستەبەر نەکردبێ، ئایا ئەڵتەرناتیقی ئەوە مانەوە لە ژێر دەستەیی چارەسەرە یان هەرچۆنێك بێت بە جۆرێك خۆقوتارکردنی ڕێژەییش بێت لە فاکتەرەکانی دەوڵەتی شکستخواردووی ناوچەکە باشترە و هەنگاوێکی لەپێشە، بە تایبەتی بۆ گەلێکی ژێر دەستەی وەك کورد لە کوردستانێکی دابەشکراو، لەم ناوچەیەدا.

بۆیە، دەبێت هەوڵ و تەقەلای ڕۆشنبیرانی گەلی کوردستان لە پێناو بازدان بە سەر ئەم قۆناغە نالەبارەدا بێت، کە هەموو پاڵپشتیەکان بۆ پەڕینەوە لە وڵاتی مەرگەساتی پێش سکەی پێشکەوتن بە ماوەیەکی کورت بەڕێ بکەین، نەك بە بەهانەی زەمینەی لەبار و فاکتەری دروستبونی دەوڵەت و پێداویستیی مادی و مەعنەویی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و

ئابوریی ڕێگە لە دروستبونی دەوڵەت بگرین، لەبەر ئەوەی دواکەوتوترین و نابوترین دەوڵەت لە ژێردەستەیی ئەم خەڵکە خاوەن فکر و دابونەریتە بێ فەڕ و لەم داگیرکاری و دواکەوتوویە باشترە، لەبەر ئەوەی هەوڵ بۆ ڕزگاربون و خۆ دەربازکردن لە نەهامەتیەکان ئاسانترە و لە بونی سنوور و نەبونی دەستێوەردانی دەرەکی مەیسەرتر دەبێت.

بۆیە، ئەرکێکی پیرۆز و مێژوویی لەسەر یەکەم: دەسەڵاتی کوردستان و دووەم: ڕۆشنبیران و سێیەم: گەلی کوردستانە. کە قۆناغیکی سەد ساڵی بەچەند ساڵێك ببرین و لەویشدا عەقڵ و توانا و بیری ڕاست و ویست و لەخۆبردوویی و پلان و هاوکاری هەموو لایەکی دەوێت و. دەبێت ئەرکەکانی ئەم سەردەمە وامان لێبکات لە کۆمەڵێك سیفەتی نابەجێی ململانێی حزبی و شەخسی خۆمان لادەین و تەنها لە بیری گەیشتن بە ئامانجەکە و بە قۆناغی پێشکەوتووی دەوڵەتداریی بین، کە خۆی لەبەرچاوگرتن و بەکارهێنانی کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاردا دەبینێتەوە :

1- ئەوەی تائێستا لە کوردستان بەڕێوەدەچێت هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ سەرەتای دروستبونی دەوڵەتانی خێڵەکی و عەشایەری و بنەماڵەیی عەرەبەکانی دورگەی عەرەبی نیە و بە هەمان بیر و گوفتار و ڕەفتار و کردار و تەنانەت لەهەندێك لاوە بە لەبەر چاو نەگرتنی بەرژەوەندی باڵاو خەتی سوور، لەوان خراپتر دسەڵاتداریتی بەڕێوەدەبەین نەك وەك پێویست سلبیاتەکانیان وەلانانێین و قۆناغە دوور و درێژەکانیان کورت ناکەینەوە. بەڵکو چڕێژتری دەکەینەوە، بۆیە پێویستە پیش بنیاتنانی یەکەمین پەیژەی دەوڵەتداریی لەو نەخۆشیانە خۆمان ڕزگار کەین و، بۆ ئەمەش دەسەڵات و کەسی یەکەم زۆر گرنگە قوربانی بە زۆر شت بدەن، لەوانەش بەرژەوەندی تەسکی حزبی و بنەماڵەیی و حزبی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغەی تێیدا تێپەریوین و سەرکەوت و نەبوین، زۆر بە زەحمەت دەیبینم کە لەو بوارەوە بەعەقلانی بجوڵێینەوە، بۆیە ئەرکی سەرەکی ئێمەیە کە هەمیشە ئەو ڕێگە ناراست و زیانبەخشانە بۆ هەموو لایەك بخەینە ڕوو، بۆ دربازبون و ئاگادارکردنەوەی دسەڵاتداران و خاوەن پێگە و پۆست و ڕاو و بۆچون . دەبێت هەمیشە بە شێوەی ڕێژەیی لە مەسەلەکان بڕوانین و ناکرێت کتومت بە ڕێگەی وڵاتە شکستخواردووە دواکەوتوەکاندا بڕۆین و هەڵەکانیان دووبارە

بکەینەوە . لەمەشدا پشت بەستن بە توێژینەوەی زانستی و عەقڵمەندی و یاساو ڕێسا، لە پاش ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە فاکتەر و هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنمانە و بە ئاسانی دەتوانین لەو چاڵە قوڵانەی بەردەممان دەربازمان بێت.

2- ئەو هەنگاوە ڕاستانەبنێین، کە وامان لێبکات هەڵگری میراتی ئەم کێماسی و نەخۆشیانەی قۆناغی پێش دەوڵەت نەبێن، واتە بە دابڕاویی لەم قۆناغی بێ دەوڵەتی و پەرینەوەیەدا ڕێك و ڕاست قۆناغێکی نوێی گۆڕانێکی ڕیشەیی دەست پێبکەین و، لەمەشدا بە هەموو ئەرکی لە سەرە، وەك لەو دەسڵاتدارانەوە تاوەکو ڕۆشنبیران و هاوڵاتی ئاساییش. دابران لە ڕابوردووی تاڵ، هەرچەن ئاسان نیە بەڵام مومکینە و، فرێدانی بەرگی ناکۆکی و ناتەبایی بە عەقڵ و لەخۆبردویی و قوربانیدانی گەورەی گەورەکان دەبێت. ئەمەش بە فرێدانی هەموو ئالیەتێکی کلاسیکی سەردەمی بێ دەوڵەتی و میراتی بەسەرچووی ئێکسپایەری حوکمداریی پێش دەوڵەت دەبێت، واتە قۆناغێکی ژیانی نوێی دابراو لە قۆناغی پێش دەوڵەت و ژێردەستەیی لە هەموو ڕوویەکەوە، بە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە .

3- ئەو دەسەڵاتەی کە هەڵی سەرپەرشتی قۆناغی پاش دەوڵەتداری لەسەر دەبێت، دەبێت بە ئالیەت و عەقڵ ڕێڕەو و پلانێکدا کارەکانی مەیسەر بکات، بۆ هەموو دونیان بیسلەمێنێت کە لەگەڵ هاوردەکردنی تەکنۆلۆجی جیهانی و هاوشان بەکارهێنانی بیرو فکر و عەقڵی پێشکەوتنخوازیشی هێناوە و. واتە بە پێچەوانەی وڵاتانی ناوچەکە و چۆنێتی دروستبونیان، تەکنۆلۆجیا و عەقڵ و بیری هاوچەرخ و فکری گونجاو بەکاردێنین و لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستی مادی و فکری و فەلسەفی بە ڕێژەیەکی باش هاوردە بکەین بۆ ئەوەی تەکنۆلۆجیاکەش بەبێ بەکارهێنانی ڕاست بێ ئەنجام و بێ بەرهەم دەرنەچێت، وەك لە سەرجەم وڵاتە دواکەوتووەکانی ناوچەکە ڕوودەدات.

4- ئابووری کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی پێ بدرێت و لە کاتی دەوڵەتی سەربەخۆ هەلی باش لەبەردەست دەبێت بۆ فەراهەم کردنی ئەو ڕێگەیەی کە هەنگاویی یەکەمی خۆژێیەنی لێ بەرهەم بێت. ئەمەش قورسترین کاری دەوڵەتە بە پێی مەرجەکانی دونیای ئەمڕۆ و

پێویستی بە عەقڵی گەورە و توێژینەوەی زانستی و تاقیکردنەوە و دابینکردنی هاوکاری و هاوپەیمانی وڵاتانی پێشکەوتو دەبێت.

5- ئەوەی زۆر گرنگ و یەکجار چارەنوسسازە بۆ میلەت، لەگەڵ بیناتنانی دەوڵەت مەعریفەی زانستی هەمەجۆر بنیات بنرێت و کەڵەکە بکرێت، بۆ ئەوەی لە نەبونی ئەو مەعریفەیە وەك وڵاتانی دواکەوتوو هەرچی توانامان هەیە بە فیرۆ نەچێت. بۆ لەبەرچاو گرتنی کات، دەبێت چاو لە ژەپۆن و چین و وڵاتانی گەشەکردووی ڕۆژهەڵاتی خواروی وەك مالیزیا و ئەندەنوسیا و کۆریای باشوور و تا ڕادەیەك هیند و پاکستان بکەین، لەوێشدا زانست وەك بنەما و بناغەی سەرهەڵدان و ڕابوون بەکار بێت .

6- بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەین کلتور و دابونەریتی کلاسیکی دواکەوتوی ناوچەکە بەسەر ژیانی سیاسیماندا زاڵ بێت و ڕێگە لە ڕێگرانی تازەگەریی و مۆدێرنە بگرین، کە بە بیرو فکر و داب و نەریت و عەقڵی سواوی دواکەوتوانەی ناوچەکە، کوردستان بتەنن. بەڵکو گەورەترین هۆکاریی پێشکەوتن لەدابران لەو جۆرە ڕەفتارانە دابین دەکرێت، کە لە وڵاتانی دواکەوتوو هاوردە نەکرێت و پێش هەموو شتێك لە بیری حوکمداریی و سیاسەتی نێوخۆیی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە هەموو جۆرێك هەنگاوی باش بنێین.

7- گەورەترین و گونجاوترین و ڕاستترین ڕێگە بۆ مەبەستی خۆقوتار کردن لە میراتگری نالەباریی و شپرزەیی بارودۆخی نێوخۆی کوردستان و مانەوەی سیفەتە بێفەرەکانی قوناغە یەك لە دوای یەکە دواکەوتووەکانی وڵاتانی ناوچەکە و، نەهیشتنی دابونەریتی دەشتەکی و چەتەگەری و زوڵم و زۆرداری، بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیاسەت بە هەموو توانایەکەوەیە، کە دەبێت هەوڵی بێ وچانی بۆ بدرێت، ئەمەش ئەگەر لە سەرەتاوە هەنگاوی بۆ نەنرێت، دەبێتە گەورەترین ڕێگر و گرفت لەبەردەم تێپەڕاندنی قۆناغە پشێویەکەی جیهانی ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو.

8- لە بەکارهێنانی داهاتی بیترۆڵ و سەروەت و سامانە زۆرەکانی ئەم ناوچەیەو کوردستان بە تایبەتی، بناغەیەکی زانستی گرنگ بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی گرنگترین پلان بۆ بە زانستی و

مۆدێرن بەکارهێنانی سەروەت بۆ پێشکەوتنی وڵات، نەوەك ببێت بە نەهامەتی و پاشکەوتەیی ئەوانی تر و دەردەسەری بۆ گەل و نیشتمان، وەك لەچەندین وڵاتی ئەم ناوچەیە بۆ سەدەیەکە بەو شێوەیە دەڕوات.

بۆ زیاتر وردکردنەوەی ئەرکی ئەم کاتە و دوا ڕۆژیی گەلی کوردستان و، چۆنێتی بەڕێوەچونی کاروباری دەوڵەت و، خۆلادان لە نەهامەتی و هەڵە و پەڵە و نەزانینەکانی ئەم وڵاتانە و، پەندوەرگرتن لەپێناو دووبارەنەکردنەوە ئەزمونە شکستخواردوەکانیان، دەبێت دەسەڵاتی کوردستان بەم شێوەیە بیر بکاتەوە:

1- بۆ میراتنەگرتنی وەزعی نالەباری کوردستان لەلایەن ئەوانەی تا ئێستا بەڕێوەی دەبەن، دەبێت پاش سەربەخۆیی و ڕزگاریی، سەرجەم دەسەڵات و پۆستەکان بە کەسی یەکەم و بنەماڵە و دارودەستە و کەسوکار و خەڵکی دەستڕۆیشتووی سەرجەم حزبە خاوەن هێز و پارەکان نەدرێت و جێگە چۆڵ کەن بۆ دامودەزگا یاسایی و تشەریعی و جیبەجێکاریی و کاریی دەزگایی و پشت بەستن بە ئازادی و دیموکراسیی ڕاستەقینە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. ئەمەش بە فشار و ڕێکاریی جەماوەری و سیاسیی خەڵك و بەشداریکردن لە ڕێکخستنەوەی نێوخۆی وڵات. دەبێت نەك بە ڕاو و بۆچون و هەڵوێستی ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچونی ئەزمونی وڵات دروستکردن وەك ئەوەی نەخێر کردن بۆ گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست لە مەر ریفراندۆم و بریاری سەربەخۆیی وەك مافێکی ئاسایی و مێژوویی گەلی کوردستان لە لایەن خەڵکانی هەلپەرست و کورتبین و خودپەرستەوە دەبینرێت، بێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی لەمە باشتریان پی بێت و ئەوە نەخەنە ڕوو، کە چۆنێتی گەیشتن بە ئامانجەکان دیاری دەکەن.

2- وەك ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤدۆستی، کە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی جاردرا، بە گەشبینانەوە دەبینرێت، کاك مەسعود لەم ڕۆژانەشدا ڕایگەیاند؛ خۆی و کەسە نزیکەکانی بنەماڵەکەی بۆ هیچ پۆستێکی حکومی ناپاڵێوێت، کە باشترین بڕیاری عاقڵانەیە، بۆ ئەوەی سەرەتای دەستپێکردنی هەنگاوی یەکەمی کاری دامودەزگایی دەست پێ بکات و ئەوەش لە سەرکەوتنی ڕیفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بەخاتر بۆ حساب دەرکێت و،

مەجدی زیاتر و گەورەتر بۆ خۆی دروست دەكات و دەنوسرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە بەوكارەی ئەركی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ستراتیجی ئەو تەواو دەبێت، نەخێر بەڵكو بە شێوەیەكی ئاسایی خۆی وەك مەرجەعێكی نەتەوەیی و نیشتمانی بەسەر هەموو كورد دا فەرز دەكات و، هیچی شتێكی كەمتر نابێت لە جەوهەری جێگە و پێگە و رێز و دەسەڵاتە مەعنەویەكەی، وەك مەرجەعێكی نەتەوەیی و نیشتمانی لە چوارچێوەی كوردستاندا، هاوشێوەی سیستیانی وەك مەرجەعی مەزهەبی شیعە بۆ شیعەكان و تەنانەت بۆ دەسەڵات لە عیراقدا دەبێت.

3- وەك لە ئێستاوە ئاماژەی پێكراوە كۆماری كوردستانی دیموكراتی فیدراڵی كە مافی سەرجەم پێكهاتەكان دابین بكات، خاڵی ئیجابی بە نمونەیی كردنی حوكمە لە كوردستاندا، بۆیە بە دەسەڵاتی مەدەنی و پشت بەستن بە مۆدێرنە و زانست و مەعریفەی سەردەمیانە و جیاكردنەوەی دین لە سیاسەت و زانستپەرستی و وەلانانی كاری كلاسیكی زیانبەخش و پەند وەرگتن لە وڵاتە دواكەوتووە شكستخواردووەكانی ناوچەكە، بە دەیان هەنگاو دەكەوینە پێشەوە و، ئەمەش دەبێتە بازدانێكی مێژوویی لە ژیانی كوردستان و گەلەكەیداو، لەوكاتەشدا هیچ وڵاتێكی داگیركەری دوژمن ناتوانێت زەفەر بە دەوڵەتی تازە دروستكراوی نمونەیی كوردستان بەرێت .

4- پیداگری لەسەر عەدالەتی كۆمەڵایەتی و شەفافیەت و یەكسانی و حوكمی ڕەشید، گەورەترین پاڵپشت دەبێت بۆ یەكگرتوویی و تەبایی نێوخۆیی و بەهێزی دەوڵەتی تازە بنیاتنراو، لەو كاتەشدا لەسەر ئەرزی واقیع فاكتەرە سەردەمیەكان و ژیانی مۆدێرنە و تازەكەی پاڵ بەوەوە دەنێن كە پاڵپشتی سەرجەم وڵاتانی جیهان لە ئەزمونی دەوڵەتی تازەی كوردوستان مەیسەر بێت و، تەنانەت ئەم وڵاتە نوێ یە، دەبێتە جوغزی گەورەترین گۆڕانی ئیجابی لە ناوچەكەدا بە گشتی.

5- بە كردەیی هەنگاونانی چەسپاندنی بیرو كردەوەی لەخۆبوردەیی و دڵسۆزی بۆ وڵات و سەرەتایەكی تازەی بنیاتنانی دەوڵەت بە پشت بەستن بە دیموكراسی و دامودەزگەیی لە حوكم،

بە دووركەوتنەوە لە فاكتەرە گەورەكانی شكست و دواكەوتوویی و ناكۆكی نێوخۆی دەبێت، ئەمەش بە عەقڵ و پیاوی گەورە دەكرێت، كە لەناخدا باوەڕی بەكوردستان و گەیشتن بە سەربەخۆیی هەبێت، ئەمەش سەنگی مەحەك دەبێت بۆ پارتی و بارزانی كە بیسەلمێنن دەوڵەتی كوردستان و دوا ڕۆژی نەوەكانی لە سەرجەم بەرژەوەندیە كەسی و حزبی و بنەماڵەكەییەكانیان لای ئەوان لەپێشتر و گرنگترە.

6- دووبارە نەكردنەوەی شێوە و ناوەرۆك و جەوهەری دەوڵەتانی ناوچەكەمان و هەمان ئەزمونی دوو دەیەی كوردستان، باڵایی عەقڵی كورد دەسەلمێنێت و، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پەند لەو كون و كەلەبەر و هەڵەكانی ئەوان و، چۆنێتی دەربازبون لە ڕێگریەكانی گەیشتن بە ئامانجی پێشكەوتنخوازی لە ڕێگەی مەعریفەی عەقلانی و زانست پەروەری و خۆ لادان لە داب و نەریتی كۆنەپەرستیەوە دەبێت نەك بە ڕێگە كلاسیكیەكەی دامەزراندنی دەوڵەتی شكستخواردووی هاوشێوەی وڵاتانی ناوچەكە.

7- هەر بە عەقڵ و بیری مۆدێرنە دەتوانرێت گەورەیی گەلی كوردستان بسەلمێنرێت و ئەو قوربانیانەی بۆ ئەم ئامانجە دراوە بە فیرۆ نەچێت و لە پەنجەرە جوانەكەوە بچینە نێو مێژووی جیهانی سەردەمەوە، ئەمەش خەون نیە و ئەو فاكتەرە پێویستانەمان هەیە كە بە شێوەیەكی جوان بەكار بێت دەتوانرێت ئەركە ئەنجام بدرێت و بگەینە دوا ئامانج.

8- لەبەرچاوگرتنی وەزعی گشتی خەڵك و ئەم بارودۆخە ئابووریە سەختە و قەیرانە هەمەجۆرەكان وەك ئەولەویەتی چاكسازی پاش دروستبونی دەوڵەن و حوكمرانی خودی، بە دانانی پلانی تۆكمەی زانستی، كە كوردستان وەك خۆی بخوێنرێتەوە و ڕێگەچارەی هەمەجۆری پێویست بۆ گوزەرانی خەڵك بگیرێتە بەر، كە هەنگاوی یەكەمی پەڕینەوەی بەرماڵی دەوڵەتی تازەیە، بۆیە ڕێكخستنەوەی ئەولەویەتەكان كاریی لە پێشینەی دەوڵەتی نوێی كوردستانە.

9- سەركردایەتی نوێی دەوڵەت و هاتنەسەركار بە ڕێگە مۆدێرنە تایبەتەكە و، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی باری سیاسی و ئابووری و بە پێی پرەنسیپە دیموكراسیە

گونجاوەکان و بە گرنگیدان بە شارەزایی دوور لە خۆهەڵکێشان و بە ئاسایی و سانایی دیاریکردنی سەردەسەڵاتەکان و پێگە و پۆستە گرنگەکان، تا ئەو کاتەی دەوڵەتی نوێ، ڕەهەندە نیشتمانیەکان و قوڵایی تایبەتی خۆی پەیدا دەکات و پایە گرنگەکانی دەسەپێنێت و لە مەترسی دەرەکی و ناوەکی ڕزگاری دەبێت و عەقڵی خۆبەڕێوەبردنی تایبەت و مۆدێرن چەکەرە دەکات و سەردەمەکە دەخوێنێتەوە و بریاری هەستیار و گرنگ و یەکلاییکەرەوە دەدرێت دەبێت بە چەندین وێستگە و پێوەری دروست بۆ ڕاستی بریارەکان و یەکلاییکردنەوەیان ڕەتبێت.

10 – پشت بەستن بە کۆمەڵێك دامودەزگای تینك تانكی بە توانای کوردستانی و بە یارمەتی و ڕێنوێنی دڵسۆزانی دەرەوە و ناوەوە بۆ دیاریکردنی پێداویستیە گرنگەکان و دیاریکردنی ئەولویات و چۆنێتی بڕین و تێپەراندنی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکان.

11- فرێدانی بەرگی لەمێژینەی بێ دەوڵەتی لە ڕووی سایکۆلۆجی و سیاسی و یاساییەوە، ئەمیش بە سودبینین لە ئەزمونەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن بناغەی دەوڵەتداری جیهان و، بە پیادەکردنی سەرجەم تیۆریە دروستەکان و لە ڕێگەی خول و هاوکاری و ئەزمون دەرئەنجامی جێبەجێکاریی کرداریەوە دەبێت.

بە پشت بەستن بە بنەما سەرەکیەکانی دەوڵەتداری سەردەم و مۆدێرنە و وەلانانی کلتوری دواکەوتووی پاشماوەی داگیرکاری بە عەقڵی گەورە و دڵسۆزی و ویست و پلانی سەرکەوتوو و لەخۆبوردویی و بەکارهێنانی دروستی سەروەت و داهاتی کوردستان، دەتوانین هەنگاوی یەکەمی پێویستبونی هەوڵی دوورودرێژی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان بنێین، ئایا کاراکتەر و عەقڵ و پێکهاتەی گونجاومان هەیە؟ بە ڕاوبۆچونی خۆم وەك تاکێك، دەڵێم: بەڵێ هەمانە، ئەگەر پشت لە کاروکردەوە و دابونەریتی هاوردەکراوی بێگانەی ناوچەکە بکەین و وەك خۆمان بیربکەینەوە و ڕەفتار بکەین و ئاوەز و عەقڵمان بەکار بێنین. لەم قۆناغە گواستراوەی ژیانی کوردستاندا، پێویستەیکانی هەنگاونان بەرەو دەوڵەتداری ئاسان نیە، بەڵام ئەو کەرەستە خاو و عەقڵە فراوان و توانا هەمەجۆرەی گەلی کوردستان هەمیشە وات لێ دەکات

كە هیچمان لە وڵاتانی پێشکەوتوو کەمتر نیە، بۆیە دەبێت بۆ بنیاتنانی دەوڵەت، نەك ئارەزوو و هەوڵەکانمان بۆبەدیهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی هاوشێوەی ئەم وڵاتە شکستخوادرووانەی ناوچەکە بێت، بەڵکو تموحی ئێمە بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی نمونەیی پێشکەوتو بێت لە ناوچەکە.

سەرچاوەکان:


1- مقدمە.. ابن خلدون

2- الاخلاق و السیاسة .ارسطو

3- تلخیص منطق ارسطو .. ابن رشد

4- جمهوریة افلاطون .. افلاطون.. احمد المنیاوي

5- الدولة و الثورة.... لینین

6- حول الدین و الدولة ..نجیب الکیلاني



بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا، کلیک بکەرە سەر



www.wtarikurd.info